www.kurdistannet.org

# کە ڕۆحم چڵکن دەبێ
# لە زێی ئەویندا دەیشۆم

**حەمەسەعید حەسەن**
**(سوێد)**

فەرهاد پیربباڵ لە وەڵامی هەندێ لەو سەرنجانەمدا کە لە وتاری (شیعرو شۆخی)(١)دا سەبارەت بە دوا کۆ شیعری وی دەرمبڕی بوون دەڵێ:

خۆم بە بەرپرسیاری یەکەم و ڕاستەوخۆی نەسلێک دەزانم.(٢) بەڵام بۆی ڕوون نەکردووینەتەوە، ئایا لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێ فێڵەوە بووە بە بەرپرسیاری نەوەیەک؟ یان ئەو پلەو پایەیەی بەمیرات بۆ ماوەتەوە؟ یان بە ڕێگای سێیەم؟

فەرهاد سووری تۆخە لەسەر ئەوەی کە کوردی سوێدنشین: (بە تونێل دەڵێن توولە!)

دەشێ سوودی لە کەلەپوور بینی بێت و سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی توولەڕێ یان توولەمار بێ! لە دەروازەی دەربەندیخاندا تونێلێک هەیە، لە هیچ نەخوێندەوارێکی شارەزووری یان گەرمیانیم نەبیستووە، بەو تونێلەی وتبێ: توولە. حاڵی حازر کوردی سوێدیزان لە هەولێر زۆرن، بریا فەرهاد بۆ دڵنیایی لە یەکێکیانی دەپرسی.

بۆ مەسەلەی پێپسی کۆلاکەیش، فەرهاد نەوەک ئینگلیز بە دوو (پ) نووسیویەتی و نە وەک عەرەبیش بە دوو (ب) وتوویەتی، بەڵکو بە (ب)یەک و بە (پ)یەکەوە پێشکەشی خوێنەری کردووە، پێ دەچێ کەڵکی لە ئەزموونی فیفتی فیفتی وەرگرتبێ.

فەرهاد دەنووسێ: (حەمەسەعید لە کوردییەکەم تێنەگەیشتووەو بە سوریالیزم تاوانبارم دەکا).

* سوریالی بۆ ئەو ڕستەیە ڕاستە.

* (شەیتان لە ئامێزی نیشانەی پرسیاردا بەرچایی دەخوا)، من ئەم ڕستە شیعرە سوێدییەم بە وێنەیەکی سوریالی لەقەڵەم داوە، نەک شیعری فەرهاد.

irony بەو مانایە دێ، نووسەر شتێک دەبێژێت و مەبەستی پێچەوانەکەیەتی، بۆنموونە: لە باسی ژنێکی قەڵەودا دەڵێ: ناوقەدی هێندە باریک بوو، قایشی سەعاتی دەبەست. ئێرەیی پێ بردنی من بە فەرهاد لەو جۆرە دەربڕینانەیە، کەچی بەد لێم حاڵی بووە!

جوایەز، کە هەڵبژاردەیەکە لە شیعری نۆ شاعیری هەولێری و بەرگی پێشەوەی بە وێنەی ئەو شاعیرانە ڕازێنراوەتەوە، جیا لە هەموویان فەرهاد لە ناوکی بۆ سەرەوە ڕووتە.

من پێم وایە دەمامک لەسەر ڕووی خۆ لابردن و خۆ ڕووتکردنەوەی شاعیرانە، جلوبەرگ فڕێدان نییە، شاعیر (تەرەزان)* نییە، بە ڕووتی خۆی نیشانی بینەران بدات، مەبەست لە خۆ ڕووتکردنەوەی شاعیرانە ئەوەیە: ڕاستگۆیانە ناخ، هەست، نەست، خولیا و خەونەکانی بخاتە ڕوو.

جێی داخە فەرهاد ئەم هەنگاوەیشی شتێکی تازە نییە، ئاخر چارەکە سەدەیەکی تەواو لەمەوبەر، لە سەرچنار، لە داخی نسکۆکەی (١٩٧٥) حسێن عارف زۆر ڕادیکالتر خۆی ڕووتوقووت کردەوە.

فەرهاد لە ل: (١٥٨)ی جوایەزدا دەڵێ:

(دەموت: بچم خۆم لە ڕووبارە پیرۆزەکەی (سەندو گەنج) دا هەڵبکێشم.)

* ئەو ڕستەیە پێویستی بە (دا) نییە.

* چونکە فەرهاد خۆی وتەنی: بۆ هەڵبژاردە دەنووسێ و هەڵبژاردەش ناوی ڕووبارە پیرۆزەکان دەزانن، بۆیە (ڕووبارە پیرۆزەکە)ش زێدەیە.

* سەند وگانگا، نەک گەنج.

* یەک ڕووبار نین، دوو ڕووبارن.

* سەند پیرۆز نییە، تەنیا گانگا پیرۆزە.

* گانگا: دیاریی خوداوەندەکانە بۆ مرۆڤ، ژیانبەخشە و تەنیا هەر لەش نا، چونکە هێزێکی خودایی تێدایە گیانیش خاوێن دەکاتەوە، بۆیە لای هیندووەکان بە دایە گانگا بەناوبانگە و یەکێ لە ئاواتەکانی هیندوو ئەوەیە: کە مرد لە کەناری ڕووباری گانگا تەرمەکەی بسووتێنرێ و خۆڵەمێشەکەیشی بەناو ئاوەکەیدا بڵاوبکرێتەوە، تا گیانی لەگەڵ ڕەوانی دنیادا یەک بگرێ.(٣)

فەرهاد کەوا ڕاهاتووە بۆ هەڵبژاردە بنووسێ،نەدەبوو بکەوێتە هەڵەی وەهاوە کە عەوام هەستی پێ بکا..

**ژێدەر**

......

**١- شیعر و شۆخی، حەمەسەعید حەسەن، ڕامان ژمارە: (٤٠) ل(٨٢ و ٨٣) هەولێر (١٩٩٩).**

**٢- شیعر و پێبسی کۆلا، فەرهاد پیربباڵ، ڕامان ژمارە: (٤١) ل (٨٠ تا ٨٥) هەولێر (١٩٩٩).**

**3- Religion och liv, Lenart Husen, S. (291) Orebro (1991).**

**بۆ زانیاری زێتر، بڕوانە:**

*** الفكر الشرقي القديم،جون كولر، عالم المعرفة: (١٩٩٥) الكويت.**

*** المعتقدات الدينية لدى الشعوب، جفري بارندر، عالم المعرفة (١٩٩٣) الكويت.**

*** Tarzan**